# خۆشەویستی لە زانکۆ

## کوڕان بەدوای هاوبەشی ژیانیانو کچانیش لەچاوەڕوانی شاسواری خەونەکانیانن

**- هیوا قادر زادە**

خۆشەویستی لەزانکۆ بابەتێکە لەسەر زمانی رێژەیەکی زۆری خوێندکارانی ئەم دەزگا مەعریفیەیە، گرنگی وەك گرنگی وانەکانیان، دووبارەو سێبارەو دەبارە دەکرێنەوە بەدرێژایی ساڵ. ئەو بازنەیەی کە خۆشەویستیەکەی تێدا دروست دەبێت بازنەیەکە خوێندکاران بەهەڵێکی زێرینی دادەنێن کە جەمسەرەکەی دیکەیان بدۆزنەوە، بەڵام مەرج نیە هەموو گەرانێك ئەنجامو هەموو هەولێك بەرهەمی هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا کوڕان لەزانکۆ بەدوای هاوبەشی ژیانیانو کچانیش لەچاوەڕوانی شاسواری خەونەکانیانن، بەڵام دەبێت ئەوە باش بزانین ئەو خۆشەویستەی باسی دەکەین رەنگە دوای دۆزینەوە جەمسەرەکەی دیکە لەلایەن کوڕەوەو رازی بوونی هەردوو جەمسەر بەیەکتر کەچی ژینگەی خێزانی کچە (لەزۆربەی حالەتەکان) دەبێتە دژە جەمسەری هەردوو جەمسەری پێش خۆی.

### پێناسەی خۆشەویستی

کە باسە لەخۆشەویستی دەکەین لەزانکۆ پێویستە جیای بکەینەوە لەحەزی کوڕێك لەکچێك لە بێئاگای کچەکە، یاخود حەزی کچێك لە کوڕێك لە بێ ئاگای کوڕە یانیش تەنیا ئەنجامدانی سێکس بێت لەدەرەوەی سنووری هاوسەرگیری. هەروەك بریتی نییە لە رازی نەبوونی لایەنێك بەلایەنی بەرامبەری.

لەپێناسەی خۆشەویستی دا دەتوانین بڵێین: پەیوەندی نێوان دوو خوێندکارە (نێرو مێ) بۆ گۆڕینەوەی سۆزو هەستو سێکسو جووت بوون بەمەبەستی دروست کردنی خێزان لە داهاتوودا.

(جورارد)و (لندزمن) لە پەرتوکی (الشخصیە السلمیە، سنە ١٩٨٨) بەم جۆرە پێناسەی خۆشەویستی دەکەن:

١ - هەستو هەڵسوکەوتێکە لەبەرانبەر بوونەوەرێك کە بەزۆری مرۆڤە، لەوانەشە شتێك یاخود بیرۆکەیەك بێت (هەروەك خۆشەویستی کەسێك بۆ نیشتیمانەکەی)، پەیوەست بوونەکەش بەو بوونەوەرە یاخود شتە زۆر توندە یانیش بەسۆزێکی لەرادە بەدەر بارگاوی بووە.

٢ - ئارەزوویێکی زۆرە کە ئامانجی ئاسوودەکردنی بەرانبەرەکەیەو بەرز راگرتنیەتی لەئاستێکی گەورە، بەخشینی پلەیەکە بەخۆشویستراو کە هاوتای ئەو پلەیە کە بەخودی خۆی دەبەخشێت.

٣ - بریتییە لەئارەزووی مرۆڤو مەبەستی مرۆڤەکە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی راستو دروست لەگەڵ بوونەوەرەکەی بەرانبەر بێت لە هەموو بارودۆخێکدا.

٤ - کاتێك خۆشەویستیەکی تەواوو راستەقینە دروست دەبێت، کەسی خۆشویستراو هەڵسوکەوتو هەستەکانی خۆی لەگەڵ خۆشەویستەکەی دەگۆڕێتەوە.

لەم پێناسانەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە دروست بوونی خۆشەویستی توانەوەی دوو کەسە (نێرو مێ) لەناخی یەکتردا و ئارەزووی تاکە بۆ ئەوەی لەگەڵ پارچەکەی دیکەی لەگەڵی دەگونجێت پەیوەست بن.

هەروەك خۆشەویستی واتا بەخشینی پلەو پایەك بەلایەنی بەرانبەرو بەشایەنی ئەو پلەو پایەشی دادەنێت، بەڵام ئەم پلەیەی کە دەیبەخشێت جیاوازە لەهەموو رێزو سۆزو هەڵسوکەوتەیێك کە لەبەرامبەر هەر شتێکی دیکە (مرۆڤ، بوونەوەر، شتەکانی دیکە) دەیبەخشێت.

### دەسەڵاتی بڕیاردان

لەزانکۆ کاتێك کوڕێك دەستنیشانی خۆشەویستەکەی دەکات، پێویستی بە دەسەڵاتی بڕیاردان هەیە. بۆیە ئەم خاڵە زۆر گرنگە بۆ خوێندکاری کوڕ کە یان خۆی خاوەن بڕیار بێت یاخود بتوانێت ئەندامانی ماڵەوە رازی بکات لەسەر بڕیارەکەیو قەناعەتیان پێ بکات. لەم کاتەشدا دەبێت بڕیارەکەی بەجۆرێك بێت کە ئەو کەسەی بۆخۆی دەست نیشانی کردووە لەگەڵ ژینگەی خێزانەکەیان بگونجێت ئەگەرنا شکست بەبڕیارەکەی دەدەن. ئەگەریش سەرکەوتوو بوو لەبڕیارەکەی ئەوکات کارەکە دەبێتە راستەقینە کە جارێکی دیکە رازی کردنی لایەنێکی دیکەیە ئەویش ژینگەو ئەندامانی خێزانی کچەی دەست نیشانکراوە.

کە ئەمە لەقۆناغی سەختەکانی بە یەکگەیشتنی دوو جەمسەرەکەی خۆشەویستییە لەزانکۆ، لێرەدا بەهانەو تەگەرەکان زیاد دەبن، هێشتا کچەکەمان خوێندکارە! کوڕەکە خاوەن پیشە نییە!، خاوەن دارایی نییە! مالی سەربەخۆی نییە... هتد.

ئالێرەدا لەزۆربەی حالەتەکان بەر لەوەی پڕۆسەکە دەست پێ بکات کۆتایی دێتو دوو قوربانی دەکەونەوە، دروشمی کوڕەش لەداهاتوو لەبارەی هاوسەر دەبێتە (ئاگرە سوورە لەخۆم دوورە).




## رۆژژمێری دەنگی مەخموور

**ئا/ سارا جەباری**

* کۆچی دوایی حەیرانبێژی بەناوبانگی شاری مەخموور (حەمەد بەگی) لەرۆژی ١٩٧٦/٧/٢١دا، ناوی تەواوی (حەمەد ئیسماعیل ئەحمەد دێوانە) لەساڵی ١٩١٢ لەشاری مەخموور لەدایکبووە، لەساڵانی ١٩٣٠ دەستی بەحەیران کردووە، چەند کاسێتی تۆمارکردووە، بۆ زیاتر شارەزا بوون نووسەر (غەفوور مەخمووری) کتێبێکی لەسەر ژیانو بەرهەمەکانی حەیرانبێژ (حەمەد بەگی) لەساڵی ١٩٨٨ بەچاپ گەیاندووە.

* تەرمی کچێك لەگۆرستانی مەخموور دەدۆزرێتەوە، لەبەرواری ٢٠٠٧/٧/٦ تەرمی (ڕەیان شوکر عەلی) لەناو فەردەیەك لەگۆڕستانی مەخموور دۆزرایەوە. (رەیان) تەمەن هەشت ساڵ دوای ئەوەی دوو رۆژ بەر لەو بەروارە لەناو شاری مەخموور وون دەبێت، دواتر تەرمەکەی دەدۆزرێتەوە کە شێوێنراوبوو شوێنەواری لێدانو ئازاری زۆری پێوە دیاربووە، بەگومانی دەست هەبوون لە کارە تیرۆریستیەکەی مەخموور باوکی رەیان دەستگیرکرابوو، بەڵام سەرەنجام دەرکەوت کە ئەو دەستی لەو تەقینەوە نەبووە. تاهونەکەش تاوانی کوشتنی (رەیان)ی فریشتە یەکلایی نەبۆتەوە، رووداوی لەم جۆرە یەکەم جار بوو بەم شێوەیە لە مەخموور روویدات.

* تەقینەوەی بۆمبێك لەگوندی (جدیدە) کە بووە هۆی شەهیدبوونی چوار پێشمەرگە کە لە ریزەکانی سوپای ئێراق بوون، هەروەها کوژرانی دوو سەربازی ئەمریکیو کوژرانی سێ تیرۆرست لەئەنجامی شەڕو پێکدادانێکدا کە لەرۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٧ روویدا کە بەدەیان بریندراری لێکەوتەوە.

## گەشتێك بەنێو هۆزو عەشیرەتەکاندا

### (پاڵانی- سنجاوی- فەقێ مەرکی)

**عەباس سلێمان سمایل**

**سنجاوی (سنجابی):** سنجاوی هۆزێکی کۆنی دەشتی هەولێرن، هەندێك لەمێژوونووسان بەبەشێك لە هۆزی زەنگەنەیان دەزانن و لەبنەرەتدا لەکرماشانەو بۆ کوردستانی باشوور هاتوون، کەچی مەلاجەمیا رۆژبەیانی دەڵێت: هۆزی سنجاوی لەناوی (سەنگاو) هاتووەو کاتی خۆی لەناوچەی سەنگاوی چەمچەماڵەوە چوونەتە ئێرانو پاشان هەندێکیان بەرەوەندی گەڕاونەتەوە.

ئەمرۆکەش ژمارەیەکی زۆریان لەدەشتی هەولێر جێوارن ناوەکەشیان ئەگەر لەناوی شارۆچکەی سەنگاو نەهاتبێت ئەوا لەناوی (سنجاو، سنجاب واتە سمۆرە) هاتووە، بەهۆی ئەوەی جاران جلوبەرگیان لەپێستی سمۆرە دروست دەکرد.

**پاڵانی:** لەوانەیە لەبنەڕەتا بەهلەوی بن، وشەکە سواوە بووە بە پاڵانی، لەناوچەی زەنگابادی باکووری دەڤەری جەلاولاوە هاتوون. لەگوندەکانیان لەدەشتی هەولێر: پاڵانیان ژمارەیەکی زۆریشیان لەکاڤاری مەخموور جێوار بووینە، گەرکێکیان لەوشارۆچکەیە بەناوی پاڵانی هەیە، هەروەها لەنزیك مەخموریش گوندێك بەنێوی پاڵانی هەیە، جگە لەمەش پاڵانی لەزۆر ناوچەی جیاجیای کوردستاندا هەیە هەر لەدەشتی هەولێرو قوشتەپەو بەهدینانو لەئاکرێش چیایەك بەوناوە هەیە.

**فەقێ مەرکی:** هۆزێکی کۆنە ناوچەیەکە لەکۆندا، لەگوندەکانی سەر رووباری گەورەو رووباری دیجلە دانیشتوون کە دەکەوێتە خوارووی دەڤەری گوێر، لە گوندەکانیان(گامێش تەپە، هەوار، غەر، کوشاف..) ئەم ناوە لە فەقێ مەرگی هاتووە، دەبێت کاتی خۆی لە مەرگەو پشدەرەوە هاتبن.

# هۆکارو چارەسەرییەکانی لەبیرچوونەوە

**نەسرەدین عەبدولا**

خەڵکێکی زۆر سکاڵای هەیە لەسەر بیرکردنەوەو یادەوەریو زۆریش قسەیەك دووبارە دەکەنەوەو دەڵێن: ئێستا یادەوەریم زۆر خراپترە لە پێشوو، وابزانم تووشی نەخۆشی زەهایمەر واتا شت لەبیر چوونەوە بوومە.

کاتێك هەست دەکەیتو تێبینی دەکەیت یادەوەریت لاواز بووە، زۆر ئاساییە کە شیکردنەوەو لێکدانەوەی خراپی بۆ بکەیت یاخود بڵێی تووشی نەخۆشە زەهایمەر بوومە. لەڕاستیدا هۆی لاوازی یادەوەری هۆکاری تری هەیە جگە لە نەخۆشی زەهایمەرو زۆریش لاوازی یادەوەری بەشێوەیەکی کاتیە، زۆرترین هۆکاری لاوازی یادەوەری خەمۆکیە. لەکاتی خەمۆکی زۆربەی چالاکییە عەقلییەکان هێواش دەبن، یادەوەریش کاریگەری زۆری دەکەوێتە سەر، ئەوی کارەکە ئالۆزتر دەکات دڵەڕاوکێ لەسەر لاوازی یادەوەری لەوانەیە ببێتە هۆی زیادبوونی خەمۆکی لەئەنجامی ئەمەشدا بازنەیەکی بەتاڵو بۆش دروست دەبێت ئەویش بازنەی خەمۆکیو دڵەڕاوکێو لاوازی یادەوەری لەسەر نەخۆشی زەهایمەر. هۆکارێکی تری لاوازی یادەوەری کە زۆر بڵاوە بریتییە لەماندووبوونو شەکەتی، هەرکارێکی ماندووکەرو دروستکەری دڵەڕاوکێ لەوانەیە کاریگەری هەبێت لەسەر توانای وەرگرتنی یادەوەریمانو بیرکردنەوەی شتەکان. هەرکاتێکیش گرفتو کێشەکانمان چارەسەر کردوو ئازارەکانیش بە تێپەڕبوونی کات نەمان، یادەوەریمان دەگەڕێتەوە بۆ باری پێشوویو بەهێز دەبێتەوە وەکو جاران.

لەڕاستیدا لەنەخۆشی زەهایمەردا یادەوەری لاواز دەبێت، بە زۆریش نەخۆشی زەهایمەر تووشی کەسانی بەتەمەن دەبێت، (١٪)ی ئەو کەسانەی لەتەمەنی ٦٠ ساڵیدان تووشی نەخۆشی زەهایمەر دەبنو (٢٠٪)ی ئەو کەسانەش گەیشتوونەتە تەمەنی ٨٥ ساڵی تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن، هەروەك (٣٠٪)ی ئەو کەسانەش لە سەرووی تەمەنی ٩٠ ساڵیدان تووش دەبن.

گرنگترین ئەو ڕاستانەی کە لەوانەیە کاریگەری بکاتە سەر یادەوەری بەشێوەیەکی گشتی بریتین لە:

- گرفتەکانی پەیوەست بە کارکردن
- تەلاقو لەیەکتر جیابوونەوەی ژنو مێردو ئەو کارانەی پەیوەستن بەم بابەتە.
- تۆمەتبارکردن بەتاوانو کاری خراپ.
- تێوەگلان لەگرفتی یاسایی.
- بێ بەش بوون لەژیان.

### چیبکەین لەبارەی یادەوەریو بیرکردنەوە؟

- ئەگەر رووبەڕووی پالەپەستۆی زۆر بویتەوە، یاخود ئەگەر تووشی خەمۆکی بویتەوە، پرسیار لەخۆت بکە ئایا دەتوانیت گۆڕانکاری لەشێوازی نووستن بکەیت؟ ئایا کەمتر یاخود زیاتر دەخەویت لە پێشتر؟ ئایا بەزەحمەت دەست بە خەوتن دەکەیت یاخود زوو لەبەیانیان بەئاگادێیت؟ ئەمانە هەمووی ئاماژەی خومۆکیو دڵە ڕاوکێن.

- پرسیار بکە لەیەکێك لە هاوڕێیانت یاخود ئەندامێکی ماڵەوەتان، ئایا تێبینی ئەوەیانکردووە کە تووشی لاوازی یادەوەری بویت. ئەمەش وەك سەرەتایەك ئەگەر لاواز بوونی یادەوەریو بیرچونەوە هۆکارەکەی دڵەڕاوکێو خەمۆکی بێت، کەسانی دەوروبەرت تێبینی دەکەن. ئەگەر هۆکارەکەی نەخۆشی زەهایمەر ئەوا بێگومان کەسانی دەوروبەر لەخودی تووش بوو بە نەخۆشیەکە تێبینی دەکەن.

### رۆڵی پزیشك لە چارەسەری لاوازی یادەوەریدا

خەمۆکی بەشێوەیەکی پلە بەپلە وا لە مرۆڤ دەکات نەتوانێت هەست بکات کە ئەم گرفتەی خەمۆکییەی هەیە. بۆ پزیشکی پسپۆڕ خۆی بڕیار دەدات کە ئایا تۆ تووشی خەمۆکی بووی یاخود نا، ئەگەر بەڕاستی تووشی خەمۆکی بووبێت ئەوا هەر دەرمانێکی دژە خەمۆکی چارەسەریەکەی گونجاوەو یادەوەری جارانت بۆ دەگەڕێتەوە.



**کاوڕ:** ئاگات لەباری تەندروستی خۆت بێت، خەمو ئازارەکانی رابردوو لەبیردەکەی ژیانێکی نوێ دەست پێ بکە، پێویستیت بەیارمەتی هاورێیەکەتە بۆیارمەتیدانت، هەولەکانت بۆ بەستنی پەیوەندی خۆشەویستی دووبارە بکەرەوە.

**گا:** کەسێکی حەزبە دلتەنگی ناکەی، بەڵام بۆ بەدەستهێنانی خۆشی دەبێت هەندێك ئازار بچێژی، بورجەکەت دەخوازێت بڕیار لەخۆتەوە نەدەی هەروەها دەست بلاوی مەکە، ئایندەیەکی گەش لەچاوەڕوانتدایە.

**جمك:** لەهەستی کەسی بەرامبەرت بگە، کەسێکی توڕەی لەقسەکردن پێویستیت بەگەشتێکە ئەنجامی بدەی، متمانەت بەخۆت هەبێت لەرێگەی مۆبایلەوە پەیوەندیەکی خۆشت بۆ دێت، گومانت لەکەسێك نەبێت کە دەیەوێ لێت نزیك بێتەوە.

**قرژاڵ:** رێگەی تازە بدۆزەرەوە بۆ ئەنجام دانی کارەکانت، هەموو کەسێك خەم دەخوات بەڵام کەس وەکو تۆ ناکات، گرنگی بدە بەلایەنی دەروونیت خۆت مەخەرە نێو گێژاوی دەریای خەم، دڵ فراوان بە لەرەخنە مەترسە.

**شێر:** هێمنو لەسەرخۆبە لەهەنگاوەکانت، هەوڵ بدە لەسەرەتای ساڵەوە پەیوەندییە کۆمەلایەتی وسۆزدارییەکانت بەهێزبکەی، خۆت مەخەرە نێوکێشەی کەسانی تر. بەلێنێك مەدە کە پێت جێبەجێ نابێ.

**گوڵەگەنم:** بورجەکەت مژدەی زۆری لەلایە، هەولبدە خۆت لەکاروباری خەلك هەلنەقورتینی، نهێنی تایبەتی خۆت لای هەموو کەسێك ئاشکرا مەکە، کەسێکی تازە دەناسیتو دەبیتە کەسێکی نزیکت، خەریکە لەدەست خەمێکی بچوك بکەویتە کێشەیەکی گەورەتر.

**تەرازوو:** ئەو کەسەی هەستی پێ دەکەی ئەویش هەست بەتۆ دەکات، بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆت هاوڕێکانت پشتگوێ مەخە، ئەم ماوەی رابردوت بەناخۆشی بردەسەر لەگەڵ ئەوەی کەسێکی دڵ ساف وراستگۆی.

**دووپشك:** ئەوەندە متمانەت بەخۆت نەبیت چونکە توشی گرفتی زۆر دەبیت، کەسێکی سادەی لەبیرکردنەوە هەولدە پەیوەندییەکانت توندوتۆلتر بکەی، کەسێکی خۆشەویستی دەوروبەرکەت هەمیشە لێت رازین بەڵام ئەوخەمەی هەتە کارنەکاتە چالاکییەکانت.

**کەوان:** هەندێ کات تەرخان بکە بۆخۆشەویستەکەت، هەولبدە خۆت لەبازنەی خەم دووربکەویتەوە، ئاگات لەخۆت بێت کەسێك چاودێریت دەکات، لەکارەکانت سەرنجی بەڕێوەبەرکەت رادەکیشی، بەڵام ورياو لەسەرخۆبە.

**گیسك:** لەهەنگاوی خۆشەویستەکەت چاوکراوەبە، لەگەڵ هاورێکانت مامەلەت خۆشتربکەو دووربکەرەوە لەقسەی زیاد، ماوەیەکە هەست بە دلتەنگی دەکەی بەلام زوو دەڕوات، کەسێکی کراوەی بۆیە بەکراوەیی لەژیان بڕوانە.

**گۆزە:** لەو ماوەیە باری داراییت بەرەوخراپی دەڕوات، خالەلاوازەکانت وات لێ نەکات کە هەڵەی گەورە بکەی، لەرێگەیەکی ترەوە لەخۆشەویستەکەت نزیك بەرەوە، ماوەیەکی زۆرت لەپێشە بۆ پێداچوونەوە بەپرۆژەکانت.

**نەهەنگ:** سەرقالیت بێ تاقەتی کردووی پێویستە گەشتێك ئەنجام بدەی، ئێستاکە لەهەمووکاتێك زیاتر پێویستیت بەپەیوەندی خۆشەویستی هەیە بۆیە پەلە بکە، گرنگی مەدە بەقسەی کەسانی دەوروبەر، بەمۆبایل هاورێیەکی دوور پەیوەندیت پێوەدەکاتو دڵت شاد دەبێت.

# لەم وەرزە ریاڵو بەرشە لەبەرگریکردندا دەبن

هیوا قادر



وەرزی نوێی تۆپی پێی ئیسپانیا لەکۆتایی ئەم مانگە (٨/٣٠) دەستپێدەکات، عاشقانی تۆپی پێش بەتامەزرۆوە لەچاوەڕوانی یاریگاکانی ئەم وڵاتەن کە ژیانیان بە بەردابێتەوە. جیا لە خولەکانی دیکەی ئەورووپا لەم وەرزەدا خولی ئیسپانیا تایبەتمەندی خۆی وەردەگریت، چونکە لەلایەکەوە یانەی بەرشلۆنە خاوەن سێ نازناوی وەرزی رابردووە، لەلایەکی دیکەوە یانەی ریاڵ مەدریدی رکابەری بە بۆندە خەیاڵیەکانیو ئەو پارە زۆرەی بەکڕینی یاریزانان خەرجی کرد خۆی جیاکردەوە لە ریاڵ مەدریدی پارساڵ.
(کە هیچت نەبێت هیچ نادۆڕێنیت)، بەڵام کە خاوەن سێ نازناوی گەورەبیت پارێزگاریکردنەکە کارێکی زەحمەتە، ئەمە بەسەر یانەی بەرشلۆنەدا جێبەجێدەبێت بۆ ئەم وەرزە. بەرشلۆنەی خاوەن سێ نازناو پلانی چۆن دەبێت بۆ بەرگریکردن لە شکۆمەندیو گەورەییەکەی وەرزی رابردووی؟ بێگومان ئەمە ئەرکی سەرەکی یانەی بەرشلۆنە دەبێت لەم وەرزەدا و(گواردیولا)ی راهێنەریش ئەرکەکەی لە هەموان قورسترە کاتێك خۆی لەململانێکانی ئەم وەرزەدا دەبینێتەوە. شەری گواردیولای راهێنەر بەهاوکاری پیاوانی، شەڕکردنە لە سێ بەرە، جامو خولی ئیسپانیا، خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا. ئەگەر پارساڵ بەرشە تاکە ئامانجی بەدەست هێنانی نازناوەکان بوو بێ ئەوا لەم وەرزەدا دەبێت لەپاڵ ئەم ئارەزووەیدا بزانێت دۆڕانو دەرچوون لە هەر کام لە ململانێکان دوو جار بەسەریدا دەشکێتەوە. کەواتە دەبێت بە هەموو پێوەرێك بەرگری لەنازناوەکانی وەرزی رابردووی بکات.
یانەی ریاڵ مەدریدی رکابەریشی دەبێت باش بزانێت هاندەرانو جەماوەرەکەی لە ئیسپانیاو سەرتاسەری جیهان چاوەڕێی دەستکەوتی گەورەی لێدەکەن، وەك بەدەستهێنانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا کە لەوەتەی وەرزی ٢٠٠٢ لێی دوور کەوتوەتەوە. بەتایبەتیش دوای هێنانی کاکاو کریستانۆ رۆنالدۆ و کریم بن زیماو خافی ئەلۆنسۆ... هتد، کە نرخی بۆندی ئەم یاریزانانە دەگاتە نرخی هەراجی هەندێك لە یانەیەکانی خولەکانی ئەورووپا. لێرەداو سەرفکردنی ئەم سامانە زۆرە بۆ هێنانی ئەستێرەکان، نابێت تەنیا رازاندنەوەی پێکهاتەی یانەکە بێت بەم ئەستێرانەو شەوەکانی مەدریدی پێ روناك بکەنەوە، بەڵکو نازناوەکان ئەم یاریزانانە دەپێونو لەدوایشدا دەیانکەنە خاوەنی پێڵاوی زێڕینو باشترین یاریزانانی ئەورووپاو جیهان..ریاڵ مەدرید دەبێت بەرگری لەم سامانە زۆرە بکاتو بەنازناوەکان پڕی بکاتەوە، بەرشلۆنەش دەبێت بزانێت چۆن بەرگری دەکاتو جارێکی دیکە رکابەرانی بەچۆك دادەدات. کەواتە هەردوو یانەی ریاڵو بەرشلۆنە ئەمساڵ دەبێت بەدوو نیازی جیاواز بەرگری لە خۆیان بکەن.

# هەواڵە وەرزشییەکان

ئا/ عەبدولرەحمان ئادەم - هیوا قادر

## دەستەی کارگێری یانەی هەولێر هەڵبژێردرا

لەکۆی ٣٠٩ ئەندام دەستەی کارگێری یانەی وەرزشی هەولێر لەهۆڵی باخچەی رووناکی لەهەولێر کەتێیدا ٢٤١کەس بەشدارییان تێداکرد، ئەنجامەکانیش بەم شێوەیە بوو: دکتۆر عەبدوڵا مەجید سەرۆکی یانە بە(٢٣٥ دەنگ)، مەلا عەبدولخالق مەسعود جێگری سەرۆك بە(٢٢١دەنگ)، مەحموود عەزیز وەك ئەمیندار بە(٢٢٠دەنگ)، هەریەك لە سەفین کانەبی بە١٩٨دەنگو شۆرش عەباس بە١٩٢دەنگو بێجان ئیبراهیم بە١٨٣دەنگو پشتیوان شەبیب بە١٤٢دەنگ وەکو ئەندام دەرچوون، هەریەك لە ئازاد حەسەنو بەسیم عیسا وەك ئەندامی یەدەگ هەڵبژێردران.

## راهێنەری گۆڵچی کاوە ئیبراهیم بۆندێکی لەگەڵ یانەی تەلال یەمەنی مۆرکرد

لەمبارەوە، کاوە ئیبراهیم لە لێدوانێکیدا گوتی: دوای ئەوەی راهێنەر ئەکرەم ئەحمەد سەلمان بۆندی لەگەڵ یانەی تەلال یەمەنی مۆرکرد بۆیە داوای کرد منیش بۆند لەگەڵ ئەم یانەیە مۆربکەم بۆ ئەوەی لە وەرزی داهاتوو ئەرکی مەشق و راهێنانی گۆڵچییەکانی ئەم تیپە بگرمە ئەستۆ. یانەی تەلال یەکێکە لەیانە پلە نایابەکانی یەمەنو پارساڵ توانی جامی یەمەن بە دەست بێنێت.

## یانەی فەتاتی کەرکوك بووە پاڵەوانی خولی تۆپی دەستی کچانی یانەکانی کوردستان

بۆ جاری دووەم لەسەر یەك یانەی فەتاتی کەرکوك نازناوی خولی یانەکانی کوردستان لەیاری تۆپی دەست بەدەستهێنا، دوای بردنەوەی لەیاری کۆتایی لەیانەی کچانی هەولێر بە ئەنجامی (١٩-١٦)گۆڵ، لەهەمان خولیش یانەی کۆیە توانی پلەی سێیەمی ئەم خولە بۆخۆی مسۆگەربکات.

# یانەی هەولێر ٧ یاریزانی هێنانە ریزی یانەکەی

لەمەراسیمێکدا یانەی هەولێر ٧ یاریزانی تۆپی پێ تازەی بەجەماوەرو راگەیاندنەکان ناساند، سەرەتا یاریزان (ئەحمەد ئیبراهیم) ژمارە درێسی (٣٠)و (کەڕار تاریق) ژمارە درێسی (٧) کە وەرزی رابردوو لەیانەی سەلاحەدین یاریان دەکرد بە بڕی ٣٠ ملیۆنو مانگانەش یەك ملیۆن دینار، هەروەها یاریزان (عیسام یاسین) کە درێسی ژمارە (١٤)ی پێ بەخشرا، بۆندەکەشی ٦٠ ملیۆن دینارە، پاشان هەردوو یاریزانی پێشووی یانەی نەجەف (سەهیل نەعیم) بەدرێسی ژمارە (٩)و (حوسێن کەریم) بەدرێسی ژمارە (١٥) پێشکەش کران، بڕی بۆندەکەشیان هەریەکەیان ٦٠ ملیۆن دینارە، دواتر یاریزان (نەبیل عەباس) بەبڕی ٧٠ ملیۆن دینار، درێسی ژمارە (٥)ی پێدرا. دوا یاریزانیش (هەڵگورد مەلا محەمەد) بوو کە درێسی ژمارە (٦)، لەسەر کاغەزی سپی بۆ یانەی هەولێر مۆر کرد بەواتای ئەوەی بەو بڕە پارەیە رازییە کە یانەکەی بۆی دیاری دەکات.



لەلایەکی ترەوە یاریزان (مەهدی کەریم) پێوەندی بەیانەی هەولێرەوە کرد، بۆ ماوەی یەك ساڵ تائێستا بڕی بۆندەکەی دیاری نەکراوە، هەروەها یاریزان (سەعید حوسێن)یش پێوەندی بەیانەی هەولێرەوە کردووە.
وابڕیاریشە یانەی هەولێر چەند ئۆردوگایەکی مەشقی ئەنجام بدات بۆ خۆئامادەکردن بۆ هەردوو یاری چوونو گەڕانەوەی قۆناغی هەشتەمی جامی یەکێتی یانەکانی ئاسیا کە بەرانبەر (کوێت)ی کوێتی ئەنجامیان دەدات.

کاروان قادر

# ئەو یاریزانەی لە ١٢ خولی تۆپی سەرمیز پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە



یاریزان کاروان قادر ناسراو بە کاروان ساردەمەنی لەساڵی ١٩٨٦ لەمەخموور لەدایکبووە، لەساڵی ١٩٩٥ هاتۆتە نێو دونیای وەرزش بەتایبەتی لەبواری تۆپی سەرمێز تاوەکو ئێستاکە بەردەوامەو بە یەکێك لەباشترین یاریزانەکانی مەخموور دادەنرێت.
دەربارەی ئەو دەستکەوتانەی بەدەستی هێناوە کاروان دەڵێت "لەپاڵەوانێتی پەروەردەکانی سەر بەپارێزگای هەولێر وەکو پەروەردەی مەخموور پلەی یەکەمان بەدەستهێناوە، لەسەر ئاستی پەروەردەکانی هەرێمیش پلەی سێیەم، هەروەها لەگەڵ بنکەی وەرزشو لاوانی مەخموور بەشداریمکردووە پلەی دووەمان بەدەستهێنا. دیارە کاروان وەك یاریزانێکی ناسراوی مەخموور تاکو ئێستا لەسەر ئاستی تاك لەیاری تێنسی سەر مێز بەشداری ١٢ پاڵەوانێتیو خولی کردووە لەهەموویان پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە.
کاروان قادر پێی وایە ئاستی تۆپی سەرمێز لەمەخموور لەساڵانی رابردوو پێشکەوتووترە، بەڵام ئەو ئێستا زیاتر وەکو راهێنەرێك لەبواری تێنسی سەرمێز کاردەکاتو دەڵێ "بەڵێ ئێستا راهێنەری ناوەندی وەرزشو لاوانی مەخموور ئەرکەکەم قورسترە چونکە دەبێ ساڵانە کۆمەڵێك یاریزان دروست بکەم بۆ ئەوەی لەدوای رۆژ ببنە یاریزانی بە ئەزموون لە شارەکەماندا".
وەکو داواکاری کاروان هیوای ئەوەی خواست زیاتر گرنگی بەتۆپی سەرمێز بدرێتو پێداویستیەکانمان بۆ دابین بکرێ بەتایبەت دابینکردنی هۆڵێکی داخراو. دواتر باسی لەوەکرد "ئەور اهێنەرەی هەموو کات شانازی پێ بکەم مامۆستا نەوزاد بەڕێوەبەری بنکی وەرزشیو لاوانی مەخموورە کە زۆر یارمەتی دەرم بووە".
کاروان هەموو کات حەزی کردووە لەتەك هەر یەك لەیاریزانان (ئەحمەد قارەمانو وشیار پیرداودو رێباز نەعمان) یاری بکاتو لەکۆتایشدا زۆر سوپاسی خۆی ئاڕاستەی راهێنەر محەمەد نوری کرد.

# گیان لەدەستدانی سەرکردەی یانەی ئیسپانیول



تۆپی پێ بەدەست هەواڵێکی بەئازار دەناڵێنێت ئەویش گیان لەدەستدانی (دانیال خارکی) سەرکردەی یانەی ئیسپانیولە.

(دانیا خارکی) سەرکردەی یانەی ئیسپانیول بەرشلۆنەی ئسپانی، دوای ئەوەی لەگەڵ یانەکەی لەئۆردوگایەکی مەشقی لەشاری (کۆڤرچیانۆ)ی ئیتاڵیا بوو گیانی لەدەستدا. بەپێی لێدوانی پزیشکی یانەکە هۆکاری مردنی (دانیال خارك)ی تەمەن ٢٦ ساڵ گرفتو تەنگو چەڵەمەی دڵ بووە. لەو کاتەش کە یاریزانی ناوبراو لەمیوانخانەی یانەکەی پەیوەندی بەیەکێك لە کەسە نزیکەکانی دەکات دەکەوێتە سەر زەویو گیان لەدەست دەدات.
دوای رووداوەکەش بەڕێوەبەرایەتی یانەی ئیسپانیول وادەی ئەو یاریەیان هەڵوەشاندەوە کە بڕیاربوو لەگەڵ یانەی پۆلۆنیا ئەنجامی بدەن، بەزووترین کاتیش گەڕانەوە ئیسپانیا.
رۆژنامەکانی ئیسپانیاش بە پەژارەوە هەواڵی کۆچکردنەکەیان بڵاوکردەوە، رۆژنامەی (مارکا)ش دڵنەوایی هەریەکە لە رائول گۆنزالیسو کرستیانۆ رۆنالدۆ مانویل پەلەگرینی راهێنەری یانەی ریال مەدریدیان بڵاوکردەوە، کەئاراستەی بنەماڵەی (دانیال خارکی)یان کردبوو. هەروەك رۆژنامەی (ئاس)بە مانشێتێك نوسیبووی (جیهانی

# چەند زانیارییەك لەبارەی تۆپی پێی

ئا/ کارزان غەمگین

* یاری تۆپی پێ لەساڵی ١٩٠٧ دامەزراو لەساڵی ١٩٠٨ چووە نێو یارییەکانی ئۆڵەمپییەوە.
* ساڵی ١٩١٩ بۆ یەکەم جار لێدانی سزا لەیاریدا بەکار هاتووە.
* ساڵی ١٨٧٨ بەشێوەیەکی گشتی ناوبژیوان فیکەی بەکارهێنا.
* ساڵی ١٩٥٦ بۆیەکەم جار جامی وڵاتانی ئاسیا ئەنجام درا.
* یەکەم جار لەجامی جیهانی تۆپی پێ یاریزانی فەرەنسی (لویسان لۆتربی) گۆڵی یەکەمی تۆمار کردو یاریزانی بەرازیلیش (دیبرتۆ) یەکەم سزای تۆمار کرد.
* بەتەمەنترین یاریزان لەمۆندیال، یاریزانی کامیرۆنی (رۆجی میلار) بوو لەمۆندیالی ١٩٩٤دا، کە ئەوکاتە تەمەنی ٤٣ ساڵو ٣٩ رۆژ بووە.
* یەکەم کەس کە بووە سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی جیهانی (فیفا) رۆبەرت جیرنی فەرەنسی بوو لەساڵی ١٩٠٦ی زایینی.
* خولی بەرازیلی لەساڵی ١٩٢٠ دەستی پێکردووە.
* ژمارەی یانەکانی وڵاتی بەرازیل (٦٠٠٠) شەش هەزار یانەیە.

سەرچاوە: کتێبی فێنکی دەروون.

بەڕێوەبەری نووسین
شێرکۆ مەحموود
٠٧٥٠٤٦٠ ٧١٨٣

مۆبایلی سەرنووسەر
٠٧٥٠ ٤٦٥ ٥٤٦٣

دەستەی نووسەران
موحسین شوانی
خەلیل پالآنی
عەبدولرەحمان ئادەم

پەیامنێران
جەلال خەیلانی
چریکە مەخمووری
کارزان غەمگین

ناونیشان
کوردستان
هەولێر - مەخموور